www.kurdistannet.org
25-2-2006 13:09بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کورد و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانیەکان لەهۆڵەندا ... سەروان گۆمەشینی

قەدەری کورد وابووەکەهەمیشەو بەدرێژایی مێژوو ژێر دەست و وواڵات داگیر کراو بێت وفەرهەنگ و کلتوور دزراو یان حەرام کراو بێت، و زەرف و زەمەنی ئەوەی بۆ نەڕەخسێت کەوەك هەر نەتەوەو میللەتێکی تری سەر ئەم زەمینەدەم بنێ بەکانیاوی سەرەتاکانی دیموکراسیەت، تا تینویەتی بشکێت و دواجار هەڵسێت بەبەکارهێنا ن و موماڕەسەکردنی ئەم دیموکراسیەتە. کەلەسەدەو سەردەمی نوێ دواو لەدوا ی هەرەس هێنا ن و بێ ئاکام بوونی تەواوی جۆرو ڕێگاکانی توندو تیژی دەرهەق بەئازادی گەلان، دیموکراسیەت بۆ تەتاکەڕێگایەك بۆ گەیشتن بەئازادی و ئامانجەکانی گەلانی دونیا..

گومانی تیا نیەکەنەهەڵبژاردن لەدیموکراسیەت جیا دەکرێتەوەو نەدیموکراسیەتیش بەبێ هەڵبژاردن بوونی بەرجەستەدەبێت. ناکرێ دیموکراسیەت هەڵبژاردنی تیا نەبێت، بەڵام زۆر جار دەکرێ هەڵبژاردن دیموکراسی تیا نەبێت، کەئەوکات بەهەڵبژاردنی نادیموکراسیانەناو دەبرێت. وەك ئەوەی کەبەدەیان جار و لەچەندەها نا وەندو ئۆرگانی حیزبی و ڕێکخراو و کۆمەڵ و سەندیکا کانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ڕوودەدات و ئەیبینین کەبێ گومان کوردیش بەشێکەلەو کۆمەڵگایە..

بەڵێ دەسەلاتی کوردی لەماوەی نزیکەی پانزەساڵی تەمەنی فەرمان ڕەوایی دا کەم تا زۆر شوێن پەنجەی دیارەو هەوڵی ڕێگا پێشان دان و ڕاهێنانی تاکی کۆمەڵی کوردیان داوەلەسەر موماڕەسەکردنی دیموکراسی بەڵام کام دیموکراسیەت؟ دیموکراسیەتێکی سنور دار کەبەقازانجی حیزب تەواو ببێت بەتەنها.

بەڵام ئەمڕۆ و ئەم هەڵبژاردنەی (هۆڵەندا) بۆ ئێمەی کورد هەم جیاواز ترەو هەم گرنگیەکیشی تیایەجیاوازیەکەلەئامراز گەراییدادەبێت و گرنگیەکەش لەئامانج گەرایەکەیدا، وەك ئاشکرایەلەخەباتی ئەمڕۆمان
دا بواری پەیوەندیەکان بۆتەبواریکی زیندووی زیاتر و زیاتر ناساندن وکارئاسانی بۆ گەشتنی کورد بەگەلان وئاشنا بوونی زیاتر بەکێشەکەمان، بۆیەخۆ کاندید کردن کەهەرچەندەئەوەیان بەسەرچوو.. لەگەڵ دەنگ دان بۆ ئەو پاڵێوراوەکوردانەی کەهەمانەکارێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی پیرۆزەو بەئەنجامدانیان ڕابردوویەکی تاڵ دەگۆڕینەوەبەداهاتوویەکی ڕووناو پڕشەنگ دار.... ..